# ڕەنگدانەوەی "شەپۆلی هۆش" لە ڕۆمانی "ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..؟!"

گۆران سەمەد




٣٠ی تشرینی دووەم ٢٠٢٣ توێژینەوە

**پوختە:**

مەبەست لە (شەپۆلی هۆش) داڕژانی هەموو ئەو بیرۆکە و دەربڕینانەیە، کە لە ناخ و دەروونی کارەکتەرەکاندا هەیە، بەر لە بوونیان بە نووسین. لەم شێوە گێڕانەوەیەدا ڕۆماننووسان نەوەستاون لەسەر گرێچنییەکی پێشوەختە و قەراربۆدراو مینا گێڕانەوە تەقلیدییەکان، بەڵکوو هەست بە جۆرێک لە بێپلانی، وڕێنە و شێواوی دەکەیت لە گێڕانەوەکانیاندا. ئەم جۆرە لە گێڕانەوە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا نوێیە و نزیکی سەدەیەک دەبێت دەرکەوتووە، هاوکات جۆرێک

لە زاڵبوونیشی بەسەر گێرانەوەی کۆندا پێوە دیارە. (کاروان عومەر کاکەسوور) لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..؟!) لە ڕێگەی تەکنیکە جیاوازەکانی شەپۆلی هۆشەوە توانیویەتی ئەزموونێکی نوێی گێڕانەوەمان نیشان بدات. لەم کارەدا سەروکارمان لەگەڵ چیرۆکێک و گێڕانەوەیەک نییە، بەڵکوو بە هۆی جۆرەیلی تەکنیکەوە بەر زیاد لە چیرۆک و تەکنیکێک دەکەوین، کە هەموویان بەیەکەوە لە تەونی گێڕانەوەکەدا بەرجەستە دەبن. ئەم توێژینەوەیە، هەوڵی داوە بەپێی پێوەرە زانستییەکەی (شەپۆلی هۆش و تەکنیکەکانی) کار لەسەر ئەم ڕۆمانە کوردییە بکات، مەبەست ئەوەیە لە ڕێگەی ئەو کارەوە لە پانتاییە بەرفراوانەکەی ئەم ئەزموونە بکۆڵینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە سوودی لە میتۆدی وەسفی-شیکاری وەرگرتووە و لە ڕێگەی کۆنتێکستە وەرگیراوەکان، شیکاریی پێویست و بابەتییانە دەخاتە ڕوو. لە کۆتاییی توێژینەوەکە ئەو ئەنجامانە نیشان دراون، کە توێژینەوەکە هەڵیگۆزیوە، وەک توانراوە ورد و چڕ کار لەسەر ڕۆمانەکە بکرێت و نموونەیەکی نوێی گێڕانەوە نیشان بدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش.

## 1. پێشەکی:

بە هۆی ئەوەی تەکنیک لە جیهانی گێڕانەوەدا ئامادەیییەکی هەمیشەییی هەیە، بۆیە ڕۆماننووسان بە گرنگییەوە کاری لەسەر دەکەن و دەیانەوێت داهێنەرانە لە دەقەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە. ئەدەبی کوردییش دەچێتە ئەو چوارچێوەیە و نووسەران مەبەستیانە بە ئاگاییەوە شێوە تەکنیکەکان بەکار بهێنن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە ڕەنگدانەوەی تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش نیشان بدات و لەگەڵ ئەوەشدا بیر لە نوێگەری و لێزانیی نیشاندانەکە کراوەتەوە. ئاخۆ ڕۆماننووس تا چەند سەرکەوتووانە کاری تێدا کردووە.

سەبارەت بە پێشینەی شەپۆلی هۆش لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەم زاراوەیە بەکار هاتووە و ڕەنگی لە چەند دەقێکیش داوەتەوە. وەک ئەوەی (حسێن عارف و عومەر مارف بەرزنجی) باسی لێوە دەکەن. چەندین توێژینەوەی جیاجیاشی لەسەر کراوە لەسەر ئاستی (دکتۆرا، ماستەر و بەکالۆریۆس)، وێڕای هەبوونی چەند بابەت و نووسینی سەربەخۆ، لەوانە: (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردی، خوڕاوگەی بیر، تاکبێژیی ناوخۆیی، ئیستاتیکای شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیرباڵ)دا، نواندنەوەی

بۆشایی لە کورتەچیرۆکی کوردیدا، تەکنیکی شەپۆلی هۆش لە چیرۆکی کوردیدا، جیهانی ڕاڤەنەکراو، شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی سالانی دوای ١٩٧٠، شێواز لە کورتەچیرۆکی نوێی کوردی و مەنەلۆگی ناوەوە لە چیرۆکی کوردیدا.).

ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگە ئەوەیە بپرسین چەند توێژینەوە کراوە لەبارەی ڕەنگدانەوەی شەپۆلی هۆش و تەکنیکەکانی لەم ڕۆمانە کوردییە؟ بێگومان بەپێی گەڕانەکان بێت، تا ئێستا زۆر کەم کاری لەسەر کراوە، کە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن، وەک: (شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا، ڕۆمانەکانی (کاروان عومەرکاکەسوور) بە نموونە.) لەگەڵ هەبوونی دیمانەیەکی تایبەت بەم کتێبە کە (دانا فایەق) سازی کردووە لەگەڵ نووسەری ڕۆمانەکە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە کێشەیەک بهێنێتە پێشەوە و قسەی لەبارەوە بکات، ئاخۆ بۆچی ئەو ڕۆمانە بیست ساڵی تەمەنی تێپەڕ دەکات، کەچی هەمیشە بە ناو زیندووە و لە کایەی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا کەمترین ئاوڕی لێ دراوەتەوە؟ ئەو ئاوڕدانەوەیەش بەرۆکمان بۆ چەند پرسیار ڕادەکێشێت، کە پێویستیان بە بەرسڤی گونجاو هەیە، لەوانە: ( بۆچی ئەم ڕۆمانە زیندوویەکی پەراوێزە؟ چۆنیەتیی گێڕانەوە لەو ڕۆمانەدا لە چ ئاستێکدایە؟ چەندە ڕەسەنایەتیی ئەو جۆرە گێڕانەوەیەی پێوە دیارە؟ گرنگی و ماهییەتی ئەو شێوە گێڕانەوەیە چییە بۆ ئەدەبیاتی کوردی؟).

## 2. ئامانجی توێژینەوە:

هەر توێژینەوەیەک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت و گەرەکیەتی شتێک بخاتە ڕوو. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، هەژموونی شەپۆلی هۆش و تەکنیکەکانی لە ڕۆمانێکی کوردیی باشووردا نیشان بدات و ئەو ئەنجامە دەربخات، ئاخۆ ئەو ڕۆمانە کارێکی نوێ بووە بە هۆی ئەو تەکنیکانەوە، یان نا.

## 3. میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، پەیڕەوی لە میتۆدی وەسفی-شیکاری کردووە و تیایدا بە پشتبەستن بە شێوازی شیکاری ناوەڕۆک، لێکۆڵینەوە لە ناواخنی ڕۆمانێک کراوە، بە جۆرێک دەقەکانی

ڕۆمانەکە وەک خۆی وەرگیراوە، دواتر لە بونیادیاندا، بە سوودوەرگرتن لە میتۆدەکان شیکارییان بۆ کراوە.

### 4. ناوەڕۆکی توێژینەوە

### 4.1. شەپۆلی هۆش وەک چەمک و زاراوە

#### 4.1.1. زاراوە

شەپۆلی هۆش لە ڕووی زاراوەوە ناوی جوداجودای لە بەرانبەردا بەکار هاتووە لەوانە: تەوژمی هۆش، تەوژمی ئاگایی، خوڕاوگەی بیر، شەپۆلی هۆش، مەنەلۆگی ناوەوە، شەپۆلی ئاگایی و شەپۆلی زەین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تاکوو هەنووکەیشی لەگەڵدا بێت، لە پانتاییە ئەدەبییەکەدا (شەپۆلی هۆش) جێگیر بووە و لە (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی)یشدا هەر ئەم زاراوەیە بەکار هاتووە **(ئەسوەد:233.2011)**، بۆیە ئێمەش ئەوەمان پەسەند کردووە.

ئەگەرچی لە هەندێک شوێندا (خوڕاوگەی بیر) دەردەکەوێت **(زادە:76.2019)**، بەوەی خوڕاو مانای (بەگوڕ، تەوژمی توند و ئاوی بەخوڕ) دێت، ئەمەش نزیکایەتیی هەیە لەگەڵ لێکدانەوەکەی (ولیەم جیمس) بۆ ئاوی ڕووبار. وێڕای ئەوەی لە ڕووی واتایشەوە نزیکە لە بەکارهێنراوە عەرەبی و ئینگلیزییەکەی، لێ لەوە دەچێت (شەپۆلی هۆش) چاکتر شوێنی گرتبێت لای ئەوانەی کاری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیان کردووە و دەکەن.

ئەم پەسەندکردنەش بە لای ئێمەوە جۆرێک لە کوردانندنی چەمکی شەپۆلی هۆشی تێدایە، کە لە زاراوەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە لە زمانی عەرەبیدا (تيار الوعي) بە کار هاتووە، کە بە مانای (تەوژمی هۆش) دێت. هەروەها لە زمانی ئینگلیزییشدا (stream of consciousness) هەمان مانا دەدات.

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. "بەشی یەکەمی (شەپۆل) وەکوو ڕووبار وایە، دەتوانین بە شەپۆلی بیرکردنەوە و ژیانی تایبەتی ناو ببەین. واتا ئەو شەپۆلانەی بەردەوام لە هەڵچوون و داچووندان، وەکوو شەپۆلی ڕووبارەکان، یان دەریاکان. هەرچی بەشی دووەمی زاراوەکەیە

(هۆش-ئاگایی) دەلالەتە لەو شوێنەی زەین، کە لە ناوچەی پێش هۆشەوە دەست پێ دەکات تا باڵاترین شوێن لە زەین، کە ئاستی بیرکردنەوەی زەین و پێوەندییە بە کەسانی دیکەوە". **(مەنتک:481.2021).**

بۆ لێکدانەوەی مانای ئەم زاراوەیە سوود لە (ولیەم جیمس1846_1910) ( William James)ی دەروونناسی ئەمریکی وەرگیراوە -کە هەر ئەویش بوو بۆ یەکەم جار (شەپۆلی هۆش)ی بەکار هێنا- "کاتێک بەراوردێک دەکات لە نێوان ئاوی ئەو ڕووبارەی بەردەوام بە هۆی ڕۆیشتنەوە نوێیە و دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەو بیرکردنەوە و یادەوەری و هەستانەی لەناو هۆش و ئاگاییی ئێمەدا هەن و بەردەوام دەگۆڕێن" **(هەمان سەرچاوە:481).** بۆیە بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت شەپۆلی هۆش گونجاوتر و نزیکترە، چونکە وەک چۆن شەپۆل لە ڕووباردا هەمیشە نوێیە و دەگۆڕێت، وەهاش لە شەپۆلی هۆشدا بیرەکان دەگۆڕێن و نوێ دەبنەوە. بەمەش مانا زاراوەییەکەیشی تەواو ڕۆشن دەبێتەوە.

### 4.1.2. چەمکی شەپۆلی هۆش

شەپۆلی هۆش لە سێ سەرچاوەی جوایێزی گرنگ و پڕ بایەخ سەرچاوەی گرتووە؛ دەروونناسی، فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی. ئەمەش وای کردووە پێناسەیەکی یەکگرتووی نەبێت تا توێژەران و ڕەخنەگران کۆدەنگ بن لەسەری، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەڵوەستەیەک لەسەر شەپۆلی هۆش بکەین وەک ئەوەی لە سەرچاوەکاندا هاتووە.

دەروونناسی بوارێکە چەمکی هۆشی گرتۆتە خۆی مینا (ولیەم جیمس)، کە ئاماژەمان پێی دا. چەمکی هۆش لای وی "مانایەکی گشتگیری هەیە، کە تەواوی ئەزموونە هەستەکییەکان دەگرێتەوە. بە بۆچوونی ئەو هەرچی ئەقڵانی و نائەقڵانییە کارتێکەری هەرچییەک بێت، کە پێوەندی بە ئەقڵ و لەبیرچوونەوە و یادگەوە هەیە، دەگرێتەوە". **(حادي:32.2004).** دواتریش (فرۆید) و (یۆنگ) و کەسانی دیکە گرنگی زیاتریان بەم بابەتە دا. بە تایبەتتر (فرۆید) لە ڕێگەی پەرتووکی (لێکدانەوەی خەون)، لەوێدا پتر دەوەستێت لەسەر نەست، یاخود نائاگایی وەک ناوچەیەکی جێ بایەخ بەسەر هەستەوە.

لە ڕووە فەلسەفییەکەیشەوە چونکە شەپۆلی هۆش پشت بە زەمەنی ئەدەبی و دەروونییەوە دەبەستێت ئەوانیش لە چەمکە فەلسەفییەکەوە وەری دەگرن، بۆیە فەیلەسووفانیش لە ڕێگەی قسەکردن لەبارەی هۆشەوە ئاماژەیەکیان بە شەپۆلی هۆش کردووە. هەر لە ئەرستۆوە تا دەگاتە

هۆسرێڵ و فەیلەسووفانی دیکەش لەوانە، فەیلەسووفی فەڕەنسی (هێنری بێرگسۆن) کە پێی وایە "زەمەن بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی ویژدان و هەستە". **(مبروک:5.1998)**. هەر بۆیە فەلسەفەی بێرگسۆن کاریگەریی گەورەی بەسەر ئەدەبەوە هەبوو، چونکە بە بۆچوونی ئەو بێت "(زەمەنێکی بوون)ی تایبەت بە مرۆڤ هەیە جیا لە (زەمەنی گەردوون)، یان بوونی (زەمەنی دەرەوە). ئەم زەمەنەش دژوازە لەگەڵ زەمەنی یەکەم. ئەمەش جەختکردنەوەیە لە زەمەنی دەروونی کە پێوەندی بە ویژدانەوە هەیە، هەر ئەو زەمەنەشە کە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشی لەسەر بوونیادنراوە". **(ڕەشید:8.1998)**.

ئەوەی بۆ ئێمە پتر گرنگە بۆچوونی ڕەخنەکارانی ئەدەبە، ئاخۆ ئەوان چۆن لە شەپۆلی هۆشیان ڕوانیوە و شەپۆلی هۆش چۆن جێی گرتووە لە ژۆنە تایبەتەکەی ئەدەبدا. (ڕۆبەرت همفری) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (Stream of consciousness in the modern novel) (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا) کە تا هەنووکەیش بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی دەزانرێت لە ڕووی پراکتیک و تیۆرییەوە بۆ قسەکردن لەسەر شەپۆلی هۆش، دەڵێت: "جۆرێکە لە چیرۆک، تێیدا بە شێوەیەکی سەرەکی باڵ دەخاتە سەر جۆرەکانی ئاستی هۆشیاری پێش قسەکردن و بەر لە نووسین، بە ئامانجی ئاشکراکردنی ناسنامەی دەروونی کارەکتەرەکان". **(همفری:27.2000)**.

لە لای عەرەبەکان زۆرن ئەوانەی قسەیان لەبارەی ئەمەوە کردووە وەک (د. لطیف زیتونی) پوخت و چڕ تەنیا بە ڕستەیەک لێیەوە دەدوێت و دەڵێت: "ڕەخنەگرانی ئەدەب بۆ ناولێنانی مۆدێلێکی گێڕانەوەی نوێ بەکاریان هێناوە". **(مەجید:19.2021)**. یاخود: "شەپۆلی هۆش بریتییە لە دارژانی بیرانەوە بیرۆکەکان لەناو زەیندا". **(محمود:30.2021)**. هەروەها (ئیمان عبدالعزیز) لە توێژینەوەیەکیدا ئاماژە بەوە دەکات: "شەپۆلی هۆش تەکنیکێکی هونەرییە کە نووسەر بە کاری دەهێنێت بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی هەیە لە ناوەوەی کارەکتەرەکانیدا، بە ململانێیەکدا تێدەپەڕێت لە نێوان هەست و نائاگادا، لە نێوان ئاگایی و نائاگادا". (المخیلد:500.2022).

هەرچی لای نووسەر، توێژەر و ڕەخنەکارانی ئەدەبی کوردییش هەیە لەوبارەیەوە، بەو جۆرە بووە: "شەپۆلی هۆش، جۆرێکی تەکنیکە لە ڕۆمان و چیرۆکدا کە تێیدا نووسەر تەواوی هەستەکان و بیرکردنەوە و تەداعییەکانی کە لە زەینی کاراکتەردا دروست دەبێت، بەبێ وێنە و ڕوونکردنەوە و ڕاڤە دەیخاتە سەر کاغەز". **(کەسنەزانی:69.2021)**. یاخود "تەکنیک و

شێوازی شەپۆلی هۆش بۆ گرنگیدان بە لایەنی دەروونی و زینیی تاک پەیدا دەبێت. پەیدابوونی ئەم تەکنیکە شۆڕشێک بوو بەسەر کۆی تەکنیک و شێوەکانی گێڕانەوەی کلاسیکدا". **(مەنتک:479.2021).**

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو (حسێن عارف) بە چەند بابەتێکی جیاواز و ناوەڕۆکی جیاجیا ئاوەڕی جددی لە سەرهەڵدانی ئەمە داوەتەوە و گوتوویەتی: "ئەم ڕێبازە بەوە بەناوبانگە، کە هەرچەند دیوی دەرەوەی مرۆڤ لە هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتاریدا ناخاتە پشتگوێ، بەڵام پتر بایەخ بە دیوی ناوەوەی دەدا و شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناخی و چیرۆکنووس لەگەڵ نواندنی کەسانی بە دیوی دەرەوەدا، جڵەویشیان بۆ شل دەکات کە بێ حیساب لەگەڵ خۆیاندا، لە هەست و نەست و ڕاز و نیاز و خواست و ئاواتیان و... هتد بدوێن، کە مرۆڤی ئاسایی ئەم بابەتە شتانە لە ناخی خۆیدا حەشار دەدات و بۆ کەسیان دەرنابڕێت، چونکە لەگەڵ دەرەوەدا ناگونجێن، یا دژ بەیەکن، یا قەدەغەن، یا قابیلی بەدیهێنان نین، یا عەیبوعان... هتد". **(عارف:111.2011).** گەر مانایەک بۆ تێگەیشتن هەڵگۆزین لەبارەی شەپۆلی هۆشەوە ئەوەیە، ئەم چەمکە لە دنیا و پانتاییی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆماندا، دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی هەمیشەیی و نەپساوی خودی کاراکتەرەکان بە دەروون و ناوەوەی خۆیان. بە مانایەکی دیکە، شەپۆلی هۆش جۆرێکە لە نووسین بە شێوەیەکی تەواو جودا و دوور لە نووسینی باو لە دنیای گێڕانەوە. بە شێوەیەک بیرکردنەوە و هەستەکانی کاراکتەران نیشان دەدات، بەبێ گەڕانەوە و گوێدانە یاسا لۆژیکییەکانی نووسین، زۆر جار بەر جۆرێک لە تێکدانی ڕێزمانیش دەکەوین لە کاتی پەیڤینی کاراکتەراندا.

## 4.2. دەرکەوتن و هاتنەکایەی شەپۆلی هۆش

### 4.2.1. دەرکەوتنی شەپۆلی هۆش

بە شێوەیەکی گشتی لە دنیای گێڕانەوەدا، شەپۆلی هۆش وەک مۆدێلێکی نوێ دەرکەوت و نوێگەر بوو بەرانبەر گێڕانەوەی ڕۆمانی کلاسیکی. شەپۆلی هۆش بە تەکنیکێکی نوێ دادەنرێت و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی گرنگی گێڕانەوە بوو لە چیرۆک و ڕۆماندا. هەرچەندە "ئەم تەکنیکە لە ئەدەبی جیهانیدا لە چاو تەکنیکەکانی دیکەدا نوێیە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم". **(کەسنەزانی:72.2012).** هەروەها "ئەم تەکنیکە باشبوو بۆ نیشاندانی گۆڕانەکانی مرۆڤایەتی، چونکە وەک نووسین و هونەر، چیرۆک

لە یەک ڕیتمی دەرەکی ئامادەکراوەوە بەرەو پچڕان و جێگۆڕکێ چوو، وەک ناوەڕۆکیش بابەت لە دەرەوە بەرەو ناوەوە کێش کراو، ڕووداو و بابەت چیدی ئامادەکراو و بەسەرچوو نەبوو حیکاتخوان بیگێڕێتەوە". **(هەمان سەرچاوە:73).**

شەپۆلی هۆش "بۆ یەکەمجار لەلایەن (ولیەم جیمس 1846-1910) (William James)ی دەروونناسی ئەمەریکی دەرکەوتووە، لە ساڵی 1884 و لە گۆڤاری (مایند) (Mind). دواتریش لە کتێبی (بنەماکانی دەروونناسی)دا ئەم زاراوەی بەکار هێناوە". **(مەنتک:2021:480).**

هەر لەبارەی بەکارهێنان و سەرەتای ئەم زاراوەیە: " (واڵتەر ئالەن) (Waltter Alain) لە کتێبی (ڕۆمانی ئینگلیزی)دا دەربارەی سەرەتای بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دەڵێت: "یەکەم کەسێک زاراوەی شەپۆلی هۆشی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بەکار هێنابێت (مای سنکلێره)ە، کاتێک لە وتارێکدا خوێندنەوەی بۆ ڕۆمانەکانی (درۆسی ڕیشاردسۆن) کرد. بە بڕوای ئەم ڕەخنەگرە (ڕیتشاردسۆن) یەکەم ڕۆماننووسە ئەم تەکنیکەی بەکارهێنابێت، ئەویش لە ڕۆمانی ( Pointed Roofs)دا لە ساڵی 1915". **(هەمان سەرچاوە:482).**

لە لایەکی دیکەوە وەک "(کودۆن) (J. A. Cuddon) ئاماژەی پێ داوە، سەرەتای شەپۆلی هۆش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆماننووس (ئیدوارد دوجارن) (Edourd Dujardin) کە ئەم میتۆدەی لە ڕۆمانی (گەڵای دار (غار)ەکەم بڕی) لە ساڵی 1888دا بەرەو پێشەوەی برد و (مارسێل پرۆست) لە ڕۆمانی (گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو) لە ساڵی 1913 و (دورسی ڕیچاردسۆن) (Dorthy Richardson) لە ڕۆمانی (1915) و (جیمس جۆیس) (James Joyce) لە ڕۆمانی (یۆلیسیس) لە ساڵی 1922 کە پێشتر لە ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویێتی)دا لە ساڵی 1916دا". **(مەجید:29.2021).**

کاتێک باس لە چیرۆک دەکرێت لە زۆنە بەرفراوانەکەیدا، بێگومان گەڕانەوەیە بۆ ئەو مێژووە زانراوەی لە بەردەستدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئاماژە بە ڕۆڵی هەر یەکە لە (مۆپاسانی فەڕەنسی، چیخۆڤی ڕووسی و ئێدگەر ئالان پۆی ئەمریکی) وەک سێ نووسەری نوێگەر و داهێنەر نەکرێت، بەو پێیەی ئەوان دۆخی چیرۆکیان بەرەو قۆناغێکی دیکەی نوێ برد لە ڕووی هونەری گێڕانەوەدا. بە هەمان شێوە دەکرێت قسەکردن لەسەر شەپۆلی هۆش جگە لەوانەی ناویان هێنراوە پێویستی بە گەڕانەوە بۆ کارەکانی (کنووت هامسون)یش بێت کە لە کارەکانیدا خوێنەر بەر شەپۆلی هۆش دەکەوێت بە تایبەت لە هەردوو ڕۆمانی (برسێتی) و (پان). هەروەها

گەڕانەوە بۆ (جیمس جۆیس، ویلیەم فۆکنەر، ڤێرجینیا وۆڵف و پرۆست) کە داهێنەرانە کاریان لە فەزای شەپۆلی هۆشدا کردووە.

#### 4.2.2. هاتنەکایەی شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردی

دەرکەوتنی شەپۆلی هۆش لە ئەدەبیاتی ئێمە، مێژوویەکی ئەوەندە زۆری نییە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. هەڵبەتە دەشێ لێرە و لەوێ پێشووتریش لە کارێکدا ڕەنگی دابێتەوە، یاخود مومکینە بەبێ ئەوەی نووسەر بەئاگا بووبێت لە شەپۆلی هۆش، کەچی لە نووسینێکیدا ڕەنگی دابێتەوە. "عومەر مارف بەرزنجی پێی وایە مارف بەرزنجی یەکەم کەسە کە تەوژمی هۆشی بەکارهێنابێ لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا" لە چیرۆکی (سەرلەبەیانی نەورۆزێک). **(کەسنەزانی:76.2021)**. لەگەڵ ئەوەی حەفتاکان قۆناغێکی درەوشاوەیە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا و پڕ بەرهەمە، لێ هێشتانەکینێ مانای ئەوە نییە کە قۆناغێک بێت بەدەر لە کەموکوڕی لە گێڕانەوەدا. گەلێ جار بۆ بەکارهێنانی تەکنیکێکی نوێ قوربانییان بە ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆک داوە، وەک ئەوەی (عەتا محەمەد) ئەو نەوەیە بە "نەوەی تەکنیک" ناو دەبات." **(محەمەد:140.2005)**.

لەو قۆناغە بە دواوە، پاش ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێک)ی (حسێن عارف) کە "بە باشی بەم تەکنیکە نووسراوە". **(کەسنەزانی:79.2021)** (شێرزاد حەسەن) دەبێتە ئەو چیرۆکنووسەی لە زۆرێک لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی خوێنەر بەر ئەم تەکنیکە دەکەوێت و دەرک دەکات کارەکتەرەکانی شێرزاد لەو جۆرەن، قووڵ دەچنەوە ناوەوەی خۆیان. لە دوای ساڵانی دووهەزار بەولاوە بەر نووسەرێکی دیکە دەکەوین (کاروان عومەر کاکەسوور)، کە بە ئاگایی و لێزانانە بە شەپۆلی هۆش زۆرینەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی نووسیوە، لە دیارترین کتێبەکانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..؟!) و (ئەسپیدیلۆن)ە.

### 4.3. تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی "ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!"ی "کاروان عومەر کاکەسوور"دا.

ئەوەی وای کردووە شەپۆلی هۆش جیا ببیندرێت و پتر جێی بایەخ بێت، ئەو خۆسەرقاڵکردنەیەتی بە دنیا بچووک و پەراوێزخراوەکەی ناوەوەی مرۆڤ. بۆیە وا لە شەپۆلی هۆش ڕواندراوە "خۆی سەرقاڵ دەکات بە شتە بچووک و دیاردە لاوەکییەکان کە ڕۆدەچنە قووڵاییەکانی خودی مرۆڤ". **(مەجید:26.2021).** لە سۆنگەی ئەم تێگەیشتنەوە بەر کۆمەڵێک تەکنیک دەکەوین، کە تایبەتە بە گێڕانەوەی شەپۆلی هۆش و ڕەخنەکاران ئاماژەیان پێ کردووە، لەوانە: (مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ، مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ، مۆنتاژی سینەمایی، وەسفی هۆشەکی، خۆدواندن، بەدواداهاتنی ئازاد و فلاش باک). وەلێ ئێمە هەوڵ دەدەین لە پانتایی کارەکەماندا جەخت لەسەر چەند تەکنیکێک بکەینەوە کە لە دیدی (همفری)یشدا لە دیارترین تەکنیکەکانی (شەپۆلی هۆش)ن، ئەوانیش بریتین لە تەکنیکی مەنەلۆگ (Monologue)، تەکنیکی فلاش باک (Flash back) و تەکنیکی خۆدواندن (Soliloquy).

### 4.3.1. تەکنیکی مەنەلۆگ (Monologue)

مەنەلۆگ گفتوگۆکردنە لەگەڵ خۆدا، قسەکردنێکی بێدەنگ و ڕۆچوون لەگەڵ زەینی خۆتدا. همفری دەڵێت: "مەنەلۆگ گەڕان و باسکردنە لە هەریەک لە ئاستەکانی هەست و نەستدا" **(مەجید:50).** وەک تەکنیک "مەنەلۆگ بە یەکێک لە کۆنترین فۆڕمەکانی گوزارشتی ئەدەبی دادەنرێت". **(هەمان سەرچاوە:41).** هەر بۆیەشە ئەگەر چاوێک بخشێنین بە گێڕانەوەی نوێدا بە تایبەت چیرۆک، لە هەمووان زێدەتر ئەم تەکنیکە بەکار هاتووە. هەڵبەتە مەنەلۆگ وەک تەکنیک لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بە دوو جۆری سەرەکی دیاریکراوە:

_ مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ

_ مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ

مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ، ئەو دەربڕینانەن لە زەینی کارەکتەر لە باری بەئاگابووندا بێ دەنگ و بە شاراوەیی دەریان دەبڕێت. یان جۆرێکی گێڕانەوەیە، گرنگی و بایەخ بە دەستتێوەردانی نووسەر نادات، وا دادەنێت کە گوێگرێکیش لە ئارادا نییە. واتا ئەوەی لە زەینی کارەکتەردا هەیە ڕاستەوخۆ بەبێ دەستتێوەردانی نووسەر دەگاتە خوێنەر. "ئەم جۆرە لە تەکنیک گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاکی (من_ م) دەگێڕێتەوە **(مەستور:66.2014).** لە (ڕۆبەرت همفری)یەوە

بۆمان دەردەکەوێت، "مەنەلۆگی ڕاستەقینەی ناوەخۆ ئەوەیە، کە ئەو شتانەی لە ناخی قارەماندا دەگوترێن نەگەیشتبنە ڕادەی ئەو پێگەیشتنەی بوو بن بە قسە و بتوانرێت بە زمان دەر ببڕدێن، واتە لە ناخدا لە پلەی پێش قسەکردندا بن" **(عارف:115.2011).**

زۆر جار ئەوەندە بە گرنگییەوە لە مەنەلۆگ ڕوواندراوە وەک ئەوەی خودی شەپۆلی هۆش بێت، یاخود دیارترین و بەکارهاتووترین تەکنیک بێت لە شەپۆلی هۆشدا. "شەپۆلی هۆش دەتوانین مەنەلۆجی ناوکییشی پێ بڵێین، تێیدا کاراکتەر بەبێ بەربەست و بژار و سانسۆر قسەی دڵی خۆی دەکات، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کەسێک هەیە، گوێی بۆ ڕادەدێرێت یان نا". **(حەسەن:2023/1/17).**

هەرچی مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆیە، لە وشەی ناڕاستەوخۆکەدا دیارە، لەوەیە هەست بە بوونێکی دیکە بکرێت لە نێوان کارەکتەر و خوێنەر. ئەمەیان جۆرێکی قسەکردنە لەگەڵ خۆدا، کە تێیدا هەست بە گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەکرێت. بە جۆرێکی دیکە، لەم جۆرە مەنەلۆگەدا "خوێنەر بە بەردەوامی هەست بە بوونی نووسەر دەکات لە کاتی خۆ تێکەڵکردن لە زەینی کارەکتەر و خوێنەردا" **(مەجید:2021:53).** واتە بە پێچەوانەی مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ، لێروکانی دەرک بەوە دەکەیت لە نێوان خوێنەر و کارەکتەر (ڕۆماننووس) بوونی هەیە. لەکاتێکدا لە مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ، زانیارییەکان ڕاستەوخۆ لە (زەینی کارەکتەر) دەچێت بۆ زەینی (خوێنەر).

لە لایەکی دیکەوە گۆشەنیگای ئەم مەنەلۆگە لە ڕێگەی "جێناوی کەسی دووەم وسێیەمی نادیاری (ئەو_ ی)" دەگێڕدرێتەوە**(عبدولقادر:37.2021)**. (ڕۆبەت همفری) وا باسی لێوە دەکات: "ئەو جۆرە مەنەلۆگەیە کە لە بری ڕاناوەی کەسی یەکەم، ڕاناوی کەسی دووەم و سێیەمی تێدا بەکار دەهێندرێت. واتە بەپێچەوانەی ڕاستەوخۆوە، ئەمیان ئەو ئیحایە دەدات بە خوێنەر، کە خۆشی و نووسەریش لە کایەدان. جگە لەوەی وەسفکردن و لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان شتەکان یەکێتییان و هۆیەکانیان و هەستکردن بە واقیع تیایاندا بەکار دەهێرێت" **(عارف:148.2021).** لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر بەر کۆمەڵێک دەربڕین دەکەوێت، کارئاسانی و هاوکاریی خوێنەر دەکات تا دەرک بە گێڕانەوەی مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ بکات، لەوانە: (لە دڵی خۆیدا گوتی و بیری لەوە دەکردەوە).

ئەگەرچی (کاروان کاکەسوور) لەم ڕۆمانەیدا پتر تەکنیکی فلاشباکی بەکار هێناوە، وەلێ سەرباری ئەوەش توانیویەتی سوود لە تەکنیکەکانی دیکەی شەپۆلی هۆش وەربگرێت و بە

کاریان بهێنێت. تەکنیکی مەنەلۆگ بە هەردوو جۆرەکەی بە کار هاتووە، بەپێی ئەو پێوەرەی بۆ تەکنیکەکە ڕوون بۆتەوە. لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..؟!) بەر چەندین برگە و دەربڕینی زیندوو دەکەوین، کە تەکنیکی مەنەلۆگن. لێرەدا بەپێی ئەو باسەی بۆ مەنەلۆگ خراوەتە ڕوو، چەند نموونەیەک بۆ ئەم توێژنەوەیە نیشان دەدەین:

**"سەرنجی کەوتە سەر کەمانجە سپیەکەی سەر مێزە ڕەش و شەقوشڕەکەوە و بە ئەسپایی لێی نزیککەوتەوە.. وەکوو مناڵ کردیە باوەشی و دەستی کرد بە گریان.. بیری لەوە دەکردەوە چۆن و بە چ شێوەیەک هەواڵی لەبارچوونی مناڵەکەی پێ بگەیەنێت و چۆن باسی پاڵە قایمەکەی (نازەنین خان) و کەوتن و بوورانەوەکەی خۆی بۆ بکات.." (کاکەسوور:12.2000).**

ئەگەر ورد بینەوە دەبینین مەنەلۆگ لێرەدا لە جۆری ناڕاستەوخۆیە، واتە خوێنەر دەزانێت دەنگێک هەیە لە پشتی کارەکتەرەوە، بە واتایەکی دیکە جێناوی کەسی سێیەم لێرە بە کار هاتووە، کاتێک نووسراوە (وەکوو منال کردیە باوەشی و دەستی کرد بە گریان.. بیری لەوە دەکردەوە) بێگومان ڕوون دەبێتەوە کە کەسی سێیەمە دەپەیڤێت. لە لایەکی دیکەوە بە بوونی (بیری لەوە دەکردەوە) دەزانین کەسێک دەیەوێت باسی ناوەوەی کەسێکی دیکەمان بۆ بکات. ئەمەش جگە لە حیکایەتخوان/ڕۆماننووس کەسی دیکە نییە.

**"بیری لەوە دەکردەوە بەیانی لە شاردا هەواڵی کوشتنی دایکێک بە دەستی کچە هەرزەکارەکەی خۆی بڵاودەبێتەوە و خێرایی ئەم زار و ئەو زار دەکات. ئەژنۆی دەلەرزی و ترس ئابلۆوقەی دەدا.." (کاکەسوور:74.2000).**

یاخود لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە:

**"وێنەکەی خستە ژێر لێفەکەوە و بیری لەو کورتەچیرۆکەی خاڵی کردەوە، کە لەگەڵ کۆمەڵەیەکی تردا لە کتێبێکی بەرگ ڕەشوسپیدا چاپی کردووە و ئەم جار خوێندوویەتیەوە..کوڕیکە و دەیەوێت دەزگیرانە ناپاکەکەی خۆی بکوژێت، کەچی چەند دەکات و دەکۆشێت،**

**دەستی تێی ناچێت و چەقۆکەی بۆ بەرزناکرێتەوە.." (کاکەسوور:74.2000).**

یان:

**"لە دڵی خۆیدا دەڵێت: (چۆن دڵمدێت ئازیزترین کەسی خۆم بکوژم و دەستی بە خوێنی سوورکەم..؟! نا.. نا.. مەحاڵە ئەوە بکەم.. ئەگەرچی ناپاکیشی لەگەڵدا کردووم بەڵام من و کوشتنیان نەوتووە)" (کاکەسوور:74.2000).**

ئەگەر ورد سەرنجی ئەو لاپەڕەیە بدەین، دەرک بە هەردوو جۆری مەنەلۆگ دەکەین، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. نووسەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو تەکنیکەدا کردووە و لە ڕێگەیەوە ناخی کارەکتەرەکەمان بۆ کەشف دەکات. ئەمەش کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە، کە دێتە سەر باسی بیرکردنەوە لە چیرۆکی کوشتی دەستگیرانە ناپاکەکە و کوشتنی ئازیزترین کەسی خۆی. لە یەکەمدا کەسی سێیەم (ئەو) قسە دەکات و لە دووەمیشدا کەسی یەکەم (من) دەپەیڤێت.

**"لچێکی هەڵقورتاند و سەیرێکی کتێب و دەفتەرەکانی دەکرد، کە لە جانتاکەوە هاتبووە دەرێ و بەو ناوەدا بڵاوبووبوونەوە.. بیری لەوە کردەوە بگەرێتەوە قوتابخانە و تەختەسڕەکە لەگەڵ خۆیدا بێنێتەوە.. شەو بیخاتە سەر سنگی، یان نێوان هەردوو ڕانی و بچیتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە.." (کاکەسوور:189.2000).**

تەکنیکی مەنەلۆگ دەیەوێت بە شاراوەیی و بە بێدەنگی، هەموو ئەو وشە و ڕستانەی ناو زەینی کاراکتەر، کە لە دۆخی بەئاگابووندایە بخاتە ڕوو، تاکو پرۆسەی گفتوگۆ خودییەکە بە تەواوەتی نیشان بدات. لەم بڕگە وەرگیراوەی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)دا دووبارە خوێنەر بەر دەربڕینی (بیری لەوە کردەوە) دەکەوێت، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ تەکنیکی مەنەلۆگ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، کاتێک دەپرسین کێ بیری دەکردەوە، بێگومان دەبێت بڵێین (ئەو) بیری دەکردەوە. ئەمەش مانای وایە نووسەر لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی مەنەلۆگ بە هەردوو جۆرەکەی لەو ڕۆمانەیدا بەرجەستە بکات.

**"ژنەکەی لە حەژمەتی مەرگی تاقە براکەیدا شێت بووە و وا بە زنجیرێکی سپی لە ژوورە تاریکەکەدا بەستوویانەتەوە.. بیری لەوە دەکردەوە بەیانی هەرکە ڕۆژبووەوە و هەموویان لە خەو هەستان، لەجیاتی قوتابخانە بچێت بۆ (ستۆدیۆی ئەربیل) و بەبێ پرسی دایکی بانگێشتی ماڵی خۆیانی بکات.. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد دایکی شووی پێبکات و ببێت بە باوکی...." (کاکەسوور:77/76. 2000) .**

نووسەر بە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە قووڵاییی ناخی کارەکتەرەکان و ئەوانیش، ئازاد و بەبێ هیچ گرێوگۆڵێک ئەوەی لە ناخیاندا هەیە لە ڕێگەی مەنەلۆگەوە دەردەبڕن. لێرەدا کارەکتەر دەیەوێت بەم تەکنیکە بمانباتەوە سەرەتای دروستبوونی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دایکی و (سیامەند) لە لایەک، شێتبوونی ژنەکەی (سیامەند) بە هۆی مەرگی تاقەبراکەیەوە لە لایەکی دیکەوە هەیە.

### 4.3.2.تەکنیکی فلاشباک (Flash back)

فلاشباک تەکنیکێکی نوێ نییە و مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە لە دنیای گێڕانەوەدا، هەر لە چیرۆک و ڕۆمان بگرە تا دەگاتە دەقێکی شیعری. هەر ئەم مێژووەشە کارئاسانیمان بۆ دەکات تا دەستمان بگات بەوەی کە فلاشباک لە هەریەکە لە داستانی (ئەلیادە)ی (هۆمیرۆس)ەوە، تا دەگاتە شیعری (دەنگی پێی ئاو)ی (سوهراب سپهری) ڕەنگی داوەتەوە **(کەسنەزانی:72.2021)**. "بەڵام وەکو زاراوە، زاراوەیەکی نوێیە و بۆ یەکەم جار لە هونەری سینەمادا بەکار هێنراوە" **(مەجید:63.2021)**.

فلاشباک وەستانی زەمەنی گێڕانەوەیە لە ساتی ئێستایدا و گەڕانەوەیە بۆ دەسپێکی ڕووداوێک لە ڕابردوودا، یان پێشکەشکردنی زانیارییە لەسەر خودی ڕووداوەکە و کەسەکان. "حیکایەتخوان، زەمەنی بەرەوپێشچوونی ئێستای گێڕانەوەکان ڕادەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناو زەمەنی ڕابردوو، بۆ ئەوەی ڕووداوێک یان کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە ڕووداو و کەس و شوێنەکان، کە پێش ئێستای گێڕانەوە دەکەون، پێشکەش بکات" **(هەمان سەرچاوە:64)**.

فلاشباک وا وێنا دەکرێت هێنانەپێشچاوە، واتە ڕووداوێک لە ڕابردوو ڕووی داوە و وەگێڕ لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە دەیگێڕێتەوە، کە جیاوازیی نییە لەگەڵ ئەوەی ڕووداوێک لە ڕابردوو ڕووی داوە و دەیهێنیتەوە بەرچاوی خۆت. "فلاشباک هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هێنانە پێش چاودا نییە، بەڵکوو هەردووکیان هەر یەک تەکنیکن" **(لبنا:52.2009).**

فلاشباک هاوشێوەی زۆرێک لە تەکنیکەکانی دیکە، زیاتر لە یەک شێوە دەرکەوتنی هەیە و بە ڕێگەی جودا نووسەر سوود لەم تەکنیکە وەردەگرێت. ئەمەش بە شێوازی خۆتێهەڵقورتاندنی نووسەر لە لایەک و سەربەستکردنی کارەکتەری ناو دەقەکە لە لایەکی دیکە، دەبێت. "نووسەر ڕاستەوخۆ خۆی یان لە ڕێی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانەوە بەسەرهاتێک لە ڕابردووە دەهێنێت و پێشکەشی دەکات" **(مەجید:65.2021).** لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی هەیە لە ڕۆمانی نوێ بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانی کلاسیک. لەوێدا زۆربەی کات گێڕانەوە بە تەکنیکی فلاشباک تەقلیدییە و ڕووداوەکان زنجیرەیی بە دوای یەکدا دێن تا خاڵی کۆتا، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا جۆرێکی دیکەیە، بە شێوەیەک بەو سادەییە نامێنێت و توشی ئاڵۆزی دەبێت. بە تایبەت لە ڕووی کاتەوە خوێنەر هەست دەکات کات تێکشکاوە و هەڵوەشاوەتەوە.

بۆیە دەتوانرێت بگوترێت فلاشباک لە شەپۆلی هۆشدا ئاڵۆزە و تەکنیکی سادە نییە، زمان تێدا ڕوون نییە و خوێنەر ماندوو دەکات. "فلاشباک لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا ئاڵۆزی و ئاوێتەکاری و بگرە نا ڕوونی زمانەوانی لێ دەکەوێتەوە و خوێنەر جەنجاڵ و ماندوو دەکات، کە ئەمەش خۆی بۆ خۆی یەکێکە لە ئامانجەکانی ڕۆمانی نوێ، کە پێی وایە دەبێت خوێنەر سەبارەت بە ڕوانینی بۆ ڕووداوەکان و زنجیرەی گێڕانەوە چالاک بکرێت" **(هەمان سەرچاوە:69).**

بێگومان ئەم تەکنیکەش هاوشێوەی ئەوانی دیکە، جگە لەوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆیان کرد، هەندێک سیما و ناسینەوەی هەیە، کە لە شەپۆلی هۆشدا فلاشباکی پێ دەناسرێتەوە و خوێنەری هۆشیار دەرک بەوە دەکات ئاخۆ نووسەر بۆ گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی، یان چیرۆکەکەی چ تەکنیکێکی بەکار هێناوە، لەوانە: (پێش ئێستا، ماوەیەک لەمەو پێش، فیسار بە بیریدا هات و فلان ڕۆژانێکی کەوتەوە یاد) یان هەبوون و ئاماژە بۆ ساڵ، وەک: (سەرەتای ساڵی 1990 بوو، ساڵی 1980 و پێش دوو ساڵ) بەکار هێنراون.

لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..؟!) فلاشباک ڕووبەرێکی زۆری داگیر کردووە و وەک تەکنیکێکی سەرەکی دەبیندرێت. بێگومان ئەمەش پشت بە شەپۆلەکانی هزری کارەکتەر

دەبەستێت و دەیەوێت لە ڕێگەی ناوەوەی کارەکتەرەکە شتمان پێ بڵێت، هەر لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا هاتووە:

**"(مەهاباد)ی (نەخشە خان) هەرچەند دەچێتە ئەو ژوورەی ئازووقە و لە بنمیچ و دیوارەکانی دەڕوانێت، ئێوارە تەمومژاویەکەی چەند ساڵ لەمەوبەری بیردەکەوێتەوە و دەچێتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە، کە تیایدا (نەوال جابر)ی گۆرانیبێژ بە دزیی خەڵکەوە دوانە لەیەکچووەکەی بوو و دایکی بە پەڕۆی سپیی نەرمی وەکوو سەرتوێژی گامێش پێچاینی.. ئەوسا (مەهاباد) دەستی ڕاستی خستبووە سەر دڵیەوە و بیری دەکردەوە: ئاخۆ لەم دووانە کامیان زیندەبەچاڵ دەکرێت و کامیان دەمێنێتەوە..؟!" (کاکەسوور:9.2000).**

ئاشکرایە ئەوە سەرەتای ڕۆمانەکەیە و گومان ناهێڵێتەوە لەوەی ئەم خاڵە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، بە هۆی چوونی مەهاباد بۆ ژووری ئازووقە، کە وا دەردەکەوێت دەلالەت بێت لە بیرهاتنەوەی ڕۆژانی زووی ئەو، وا دەکات خەیاڵ بیباتەوە بۆ بەقوربانیبوونی یەکێک لە دوانەکان. دەبینین نووسەر ئەتمۆسفێری ئەو ژوورەی وەک بەهانەیەک بەکار هێناوە بۆ ئەوەی زەمەنی ڕووداو بباتەوە بۆ ڕۆژگاری پێشوو لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباکەوە.

**"کاتێ هاتەوە ماڵەوەش و لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا وەستا، دەستەکانی لەملا و لەولاوە گرت بە قژیەوە و بەدەم ئاخ و هەناسەهەڵکێشانەوە سەیری ناو حەوشەکەیانی کرد.. جارێکیان لە خەونیدا سەری بە تەڕیی خستبووە سەر سنگی (مامۆستا هاوار) و ئەویش پەنجەکانی خستبووە قژیەوە.. جار جار بە سووکی دەیچپاندە گوێچکەی چەپیەوە و پێی دەوت:**

**-دەڵێی چی ئەو قژە ڕەش و خاوەت بە فرمێسکەکانم بتوێنمەوە و لە شوێنیا بە خەونەکانم پەلکەزێرینەیەکت بۆ سازکەم..؟!**

**ئەمە قسەی ئەو کوڕە کوردە چاوسەوزە بوو و ڕێک لەسەر نەغمەی ئەویش دەیوتەوە، کە ماڵیان لەسەری کۆڵانەکەی خۆیان بوو و ئەو**

**جاره لەسەر ڕێگای قوتابخانە وای پێ وت.. سەری هەڵبڕی و سەیری چاوەکانی (مامۆستا هاوار)ی کرد، ڕێک لە چاوە سەوزەکانی ئەو دەچوون و بە موو جیاوازییان نەبوو.." (کاکەسوور:14.2000)**

لێرەدا حیکایەتخوان لە ڕێگەی فلاشباکەوە وێنایەکمان بۆ دەنەخشێنێت، کە دەستبەرداربوونە لە ئێستای گێڕانەوە بە شێوەیەکی کاتی و هێنانی وێنەیەکی ڕابردووە بۆ ئێستای گێڕانەوە. هەڵبەتە ئەم گەڕانەوەیەش دەبێتە مایەی لێکدانەوەی ئەو ڕووداوەی بەر باس دراوە، بە لایەنی کەم ئاخۆ دەبێت حیکایەتخوان چ هەستێکی هەبووبێت کاتێ کوڕە چاوسەوزەکەی بینیوە.

**"ئەو ئێوارەیەشی بیرکەوتەوە و دڵی داچڵەکی، کە قوڕگی دەیەشا و دایکی بردی بۆ لای (دکتۆر فازیل)ی ئامۆزای خۆی.. ئەو ڕۆژەش داکی بۆ یەکەمجار دوای مردنی باوکی کراسە ڕەشە گوڵسپییەکەی فڕێدا و دانەیەکی سپی گوڵڕەشی لەبەرکرد.." (کاکەسوور:72.2000).**

فلاشباک کە لە ڕێی ناوەوەی کارەکتەرەکانەوە نیشان دەدرێت، وەک پرۆسەیەکی قووڵ و ئاڵۆز دەردەکەوێت. تەماشا دەکەین بە هۆی بیرکەوتنەوەی ئەو ئێوارەیە، خوێنەر تووشی دۆخێکی جودا دەبێت، بەوەی زەمەنی ئێستای حیکایەتخوان دۆخێکی بێتاقەتی و خەماوییە، کەچی کاتێک ئاراستەی گێڕانەوە دەچێتەوە ڕابردوو، بە هۆی پەیوەندیی نێوان دایکی (نەوال) لەگەڵ (سیامەند)دا، خوێنەر هەست بە ئەوینێکی شاراوە دەکات. پێ بە پێ لەگەڵ دایکی (نەوال) دەچێتە ناو (ستۆدیۆی ئەربیل) و وێنای ئەو دەستبازییە دەکات، کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات.

**"(سەلیمە) دوابیش هەمیشە باسی ئەو ڕۆژەی بۆ دەکرد و بیری ئەمی دەخستەوە، کە بۆ یەکەمجار لە ماڵی (شازە)دا چاوی پێیکەوت و تێر تێر بۆی گریا، کەچی هەرچەند (نەوال) داوای لێدەکرد و لێی دەپارایەوە، هۆی گریانەکەی پێبڵێت و لەو مەراقە دەربازی بکات.. ئەو ڕازیی نەدەیوو" (کاکەسوور:100.2000).**

یان لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە:

**"(نەوال) هەرچەند سەیری دەکردن و لێیان ورد دەبووەوە، ئەو نالبەندە ڕەشپۆشانەی بیردەکەوتەوە و دەچووە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە، کە جارێکیان بینینی قاچی ئەسپە سپییە ناوچەوانڕەشەکەیان ناڵکرد و دواییش نەرم نەرم غاریان پێدا.. ئەمە ئەوجارە بوو کە (شازە) لە حەمامە کەمێ تاریکەکەدا شتی و (سیامەند) لەگەل خۆیدا بردی بۆ ناو ئەو جامبازانەی، جلی ڕەشیان لەبەر و جەزمەی سپیی درێژیان لە پێدەکرد.. بردی و لەسەر ئەسپی ڕەشی پیاوە سپیپۆشەکە وێنەی گرت.." (کاکەسوو101.2000).**

دەبینین لە هەردوو پەڕەگرافەکەدا نووسەر لێزانانە زەمەنی گێڕانەوەی ڕاگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ چیرۆکێک کە پێشووتر ڕووی داوە و لە ڕێگەی بیرهێنانەوە لەسەر زاری وەگێڕ بۆ ئێمەی گێڕاوەتەوە.

**"ئەو ڕۆژەش هەرچەند سەیری پەنجە بچکۆلە و ئێجگار باریکەکانی (شەماڵ) و (شارا)ی دەکرد و لە بینۆکە زۆر زۆر سپییەکانیان ورددەبووەوە، کە لە ژێر دەسرازە سپییەکاندا هاتبوونە دەرێ و لەودیوی کولله شەفافەکاندا جوان جوان دیاربوون، سەنووقە فیشەک و سەربازەکانی بیردەکەوتەوە و خەیاڵی بەملا و بەولادا دەڕۆیشت.." (کاکەسوور:228.2000).**

وەک دیارە لێروکانەشدا نووسەر پەنجە وردیلەکانی ژێر دەسرازەی (شەماڵ) و (شارا)ی کردۆتە بەهانەیەک تا لەوێوە زەمەنی ئێستامان بۆ ڕاگرێت و بگەڕێتەوە ڕابردوو لە ڕێگەی فلاشباکەوە، کە وێنای جەنگ و سەرباز و فیشەکەکانمان بۆ دەکێشێت.

**"هەر جارێکیش بچێتە گۆڕەپانەکەی ئەوبەری ماڵیان و سەرنج لە خاکوخۆڵەکەی بدات، کە جارێکیان لەوێدا دوو پیاوی سپیپۆش ورچێکی ڕەشی سەماکەریان بە پارە پیشانی خەڵک دەدا و ئێوارانیش قازە گۆشتنەکانی گۆمەکەی ئەولا خۆیان لێ وشکدەکەنەوە، نیوەڕۆ کەمێ گەرمەکەی ئەو بەهارەی بیردەکەوێتەوەوە دەچێتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە، کاتێ تەرمی (ئەم) و هی (نەخشە)ی دایکی و دوو**

**پیاوە ناپاکەکەیان لێ فڕێدابوو و تا شەویش هەر لەوێیان هێشتنەوە.. چیرۆکێکە و هەموو کەسێ دەیزانێت: (نەوال)ی گۆرانیبێژ، دایکی دوانەیەکی لەیەکچوو، سەرپیچیی لە یاسای ژمارە (یەک)ی ساڵی (چوار)ی (کوردی) کرد و دەستەی ژمارە (هەزارونۆسەدونەوەدونۆ)ی... (حەسەن خوداداد) بوو". (کاکەسوور:498.2000).**

لە پەڕەگرافی کۆتایی، بە هەمان شێوەی دەستپێکی ڕۆمانەکە، لە ڕێگەی فلاشباکەوە دەمانگەڕێنێتەوە کۆتاییی یەکەم ڕووداوی ئەم ڕۆمانە و چارەنووسی دوانەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، (بڕوانە تەواوی پەڕەگرافی کۆتاییی ڕۆمانەکە).

### 4.3.3. تەکنیکی خۆدواندن (Soliloquy)

خۆدواندن یەکێکی دیکەیە لە تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش، کە لە ڕێگەی خۆدواندن (ئاخاوتن)دا پێشەکەش دەکرێت. "خۆدواندن پرۆسەی گواستنەوەی ناواخنی کێشە و گرفتە دەروونییەکانی کارەکتەرە، کە بە هۆی فشاری دەرەکی قەیرانەکانی ئەو کۆمەڵگەوە دروست دەبێت کە کارەکتەرەکە تێیدا دەژی و دەبێتە هۆکاری پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. حیکایەتخوان وەکو خۆی بێ دەست تێوەردان ئەم ناواخنە بۆ خوێنەر دەگوێزرێتەوە" **(ئەڵوەنی:166.2017).**

مەبەست لە خۆدواندن گفتوگۆکردنی تاکە لەگەڵ خۆیاندا، یان "خۆدواندن ئەوەیە کە کارەکتەر بە دەنگێکی بەرز دەریان دەبڕێت بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە کەسانێک لەدەوروبەری هەن، وەک: منداڵێک کاتێک گەمە لەگەڵ بووکەڵەکەی دەکات بێ ئەوەی گرنگی بەوە بدات کە لە نزیک دایک و باوکیەوەیە و گوێیان لە قسەکانی دەبێت" **(محەمەد:219.2023).** "خۆدواندن: تەکنیکێکە تەنیا بۆ چیرۆک و ڕۆمان دروستکراوە، بەڵام وەک هەبوون لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لەگەڵ خۆقسەکردنی پیرەژن و پیرەمێرد و منداڵ و قسەکردن لەسەر گۆڕی ئازیزان و قسەکردن لەگەڵ خوادا بوونی هەیە" **(مەجید:54.2021).** هەروەها "خۆدواندن لە هەموو شێوەکانی دیکەی گفتوگۆی ناوەوە ڕێکوپێک و پێکەوەگرێدراوترە، چونکە لە ئاگاییەوە نزیکترە" **(سەعید:123.2010).** بۆیەشە وتراوە "زمانی خۆدواندن نزیکە لە زمانی دیالۆگەوە"

**(مەجید:55.2021)**. بێگومان ئەم تەکنیکەش مێژوویەکی دووری هەیە و دەگەڕێتەوە پێش سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ. خۆدواندن "لە هونەری شانۆوە هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی گێرانەوە، بە تایبەتیش شانۆی سەردەمی ئەلیزابێسی" **(عبدولقادر:36.2021)**.

کەواتە خۆدواندن، پەیڤگەلێکی ناخی کەسەکانە لە چوارچێوەی ڕۆماندا. "بە ڕای هەندێک لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری ڕەخنە و تیۆری ڕۆمان، خۆدواندن بەشێکە لە مەنەلۆگ و جیاوازیی خۆدواندن لەگەڵ مەنەلۆگ ئەوەیە، کە لە خۆدواندندا کارەکتەری چیرۆک بە دەنگی بەرز بۆ گوێگرێک، دوێندراوێک قسە دەکات و ئەو قسانەی کارەکتەر لە مەنەلۆگدا دەیان کات گوێگر و دوێندراوی نییە و مەبەستی خۆدواندن گەیاندنی سۆز و بیری پەیوەست بە چنین و کاری هونەرییە لە کاتێکدا مەنەلۆگ پێش هەموو شتێک گەیاندنی ناسنامەی زەینییە" **(هەمان سەرچاوە:38)**.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی جوداتر هەیە لەوەی بەردەستە لەبارەی تەکنیکی خۆدواندان "تەکنیکێکە تێیدا پێکهاتە و کردەی زەینی بەڕاستەوخۆیی لە کارەکتەرەوە و بەبێ ئامادەبوونی گێڕەرەوە، بەڵام بە گریمانەی هەبوونی جەماوەر بە بێدەنگی دەخرێتە ڕوو، لەگەڵ خۆقسەکردنێکە کارەکتەر هەست و بیری خۆی بە دەنگهەڵبڕین دەردەبڕیت. کەواتە دەدوێت بۆ ئەوەی گوێگر لە مەبەستەکانی بگات، خۆدواندن ئەوەی هەیە دەیخاتەڕوو، بەڵام مەنەلۆگ خوێنەر بۆ ناو زەینی خۆی ڕادەکێشێت، واتە: ئەم خۆدواندنە پێچەوانەی مەنەلۆگە" **(هەمان سەرچاوە:37)**.

خۆدواندنیش وەک تەکنیکەکانی دیکە، کۆمەڵێک دەستەواژەی ناسراوی هەیە بۆ ئەوەی سانا و بێئەزیەت لە ڕۆمانێکدا بناسرێتەوە، لەوانە: (لەژێر لێویەوە گوتی، لە دەمی هاتەدەر، بە خۆمم گوتەوە، قسەکردن لەسەر گۆڕ، قسەکردن بۆ ئاوێنەی حەمام و وڕێنەکردن بەدەم ڕێگەوە).

ڕۆماننووس ناچار نییە و سەربەستە لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش و دەتوانێ هەموویان بە کار نەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا (کاروان کاکەسوور) بە وریاییەوە کاری لە شەپۆلی هۆشدا کردووە و ویستوویەتی لە ڕۆمانەکەیدا زۆربەی تەکنیکەکان ڕەنگەوان بکات و دەرکەون، ئەوەشی کردووە. تەکنیکی خۆدواندن وەک دوو تەکنیکەکەی دیکە لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..؟!)دا ڕەنگی داوەتەوە:

**"کاتێ لە حەمامەکە جامە سپیەکەی هەڵگرت و خستیە ناو مەنجەڵە ڕەشەکەی سەر پرێمزە سپیەکەوە، تا چۆڕێ ئاو بکات بە قاچەکانیدا و بزانێت گەرم بووە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکیشا و بە خۆی وت: (باشتر لێرە گریام و لەوێ لەبەر چاوی (مامۆستا هاوار)ی مێردی (ڕازیە خان).......) ئینجا (سەوسەن)ی هاوڕێی بیر کەوتەوە" (کاکەسوور:13.2000).**

لەو پەڕەگرافەدا خوێنەر ئاسان بۆی دەرکەوتووە، کە تەکنیکی خۆدوان بەکار هاتووە کاتێک دەڵێت (بە خۆی وت) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کارەکتەر لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات. هەروەها دیارە نووسەر ئامادەکاریی بۆ ئەوە کردووە، کە کارەکتەر خۆدواندن ئەنجام بدات بۆ ئەوەی کۆژان و نائارامیی ناواخنی خۆی بەیان بکات.

**"هەرچۆنێ بوو ئەو هەستەی خۆی بەدرۆخستەوە و ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی خەنەکەیەوە. هەناسەکی قووڵی هەلکیشا و بە خۆی وت: (ئەمە تەنها شتێکی کاتییە و نامێنیت.. (مامۆستا هاوار) وەکوو برای گەورەم وایە و .....)..." (کاکەسوور:16.2000).**

دەبینین لەم خۆدواندنەدا دەربڕینەکان پتر بە ئاگاییەوە وتراون و دەرخەری ئەو ڕاستییەن، زمانی خۆدواندن نزیکە لە زمانی دیالۆگەوە. نەویستراوە تەنیا بۆ بەکارهێنانی تەکنیکێک زیادەگۆیی بە قسەکاندا هەبێت. بۆیە نووسەر لەم تەکنیکەشدا تەواو سەرکەتوو بووە.

**"کە هەستی دەکرد هێشتا منالە و توانای کوشتنی نییە.. پەنجەکانی خۆی دەنووشتاندنەوە و ڕق و بێزاریەوە دەیوت: (من هیشتا هەر منالە داماو و بێدەسەڵاتەکەی جارانم.. کاتێ دەتوانم بڵێم گەورەم، کە توانای کوشتنی خۆم، یان کەسێکی ترم هەبێت.. ئێستا لە مشکێکی ترساو و زارەترەک زیاتر، هیچی تر نییم)" (کاکەسوور:74.2000).**

لە خۆدواندندا قسەکەری تاک دەردەکەوێت و شێوە دیالۆگێک لەگەڵ خۆیدا دروست دەکات. هەر لەم بڕگەیەی سەرەوە بە هۆی بەکارهێنانی دۆخێکی نالەباری دەروونییەوە ناچار بوو کارەکتەر ڕووی قسەکانی لە خۆی بکات و بە خۆی بڵێت (من هێشتا هەر منالە...) تەماشا دەکەیت لەم

جۆرە دەربڕینەدا کە دیالۆگی دەنوێنێت، پرسیار و وەڵام دروست دەبێت، هەمووشی تاکەکەسێکە لە ڕێگەی تەکنیکی خۆدواندنەوە ئەنجامی دەدات.

**"کە کەمێ هەراشبوو چاکتر تێگەیشت، دڵنەوایی خۆی دەکرد و دەیوت (وانییە.. وانییە.. چاوەکانم بەڵایان لێ نییە و لە چاوی خەڵکی تر چاکتر شت دەبینن.. ئەی ئەوجارە پیاوە باڵابەرزەکەی هاوڕێی مامە سیامەندم، کە ئێستا... هەر دەم بینێ)کەچی هەرچەند ئەو ڕۆژەی بیردەکەوتەوە و جنێوەکانی (شازە) لە گوێچکەیدا دەنگیان دەدایەوە" (کاکەسوور:105.2000).**

دووبارە لێرەشدا خۆدواندنێکی ڕوون هەیە و بە شێوەیەکی پوخت و ڕێک و دیالۆگئاسا، کەسەکە پرسیاری بۆ دروست بووە، ئینجا بیری کردۆتەوە، دواتر دڵنەوایی خۆی کردووە و بە خۆی گوتووە (وانییە.. وانییە.. چاوەکانم بەڵایان لێ نییە). خۆدواندن لە شەپۆلی هۆشدا گرنگیی تایبەتی هەیە، چونکە دۆخی ناواخنی کارەکتەر نیشان دەدات، لەکاتێکدا شەپۆلی هۆش خۆی نیشاندەری دۆخی ناواخنی کەسەکانە.

## 5. دەرئەنجامی توێژینەوە:

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیە، کە سەرجەم بەڵگەکان خراونەتە ڕوو و نموونە پێویستەکانیش لە کتێبەکەدا وەرگیراوە، دەگەینە ئەم ئەنجامەی بڵێین:

- لە ڕووی چەمک و زاراوەوە (شەپۆلی هۆش) بە کار دێت بۆ گێڕانەوەیەکی نوێ لە پانتاییی ئەدەبدا، کە ڕەنگی لە بوارە جیاجیاکانی (دەروونناسی، فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی) داوەتەوە.
- (شەپۆلی هۆش) لە ڕێگەی تەکنیکەکانی تەرکیز دەکاتە سەر دەرخستنی ناوەوەی کارەکتەرەکانی ڕۆمان و چیرۆک بۆ نیشاندانی دۆخە شاراوەکان، هەروەها بۆی گرنگە ئاخۆ ئەوەی گێڕدراوەتەوە چۆن و بە چ شێوەیەک پێشکەش کراوە.
- لە نێوان تەکنیکەکاندا نزیکیی زۆر هەیە، ئەمەش ئەگەر خوێنەر زۆر ورد نەبێت تێکەڵبوونی بۆ دروست دەبێت، بە تایبەت لەناو یەک تەکنیک، کاتێک دێتە سەر باسی

(ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)، یاخود لە نێوان دوو تەکنیک، وەک تەکنیکەکانی (مەنەلۆگ و خۆدواندن).

- وێڕای ئەوەی لە (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!) شەپۆلی هۆش بە کار هاتووە لێرە و لەوێ، یاخود تەکنیکێک لە تەکنیکەکانی دەرکەوتووە، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم ڕۆمانەی بەردەستمان زۆرترین تەکنیکی تێدا بە کار هاتووە و بە سەرکەتوویی توانراوە بەرجەستەیان بکات و نیشانیان بدات.
- زیندوویەتیی ئەم ڕۆمانە و پەراوێزخستی، بە تێگەیشنی ئێمە دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆکار؛ یەکەم: ئاستی هۆشیاریی خوێنەرەکان و ئاڵۆزیی تەکنیکەکانی گێڕانەوە بە شەپۆلی هۆش. دووەم: لاوازیی ڕەخنەکارانی ئەدەبی کوردی، کە پتر دەوری کارە تەقلیدییەکانیان داوە لەپێناو جەماوەر.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**


ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. 2011. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چ1، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

حەسەن، حەمەسەعید، (18/5/2023)، (2023/1/17).

ڕەمەزانی، محەمەد.2016. هەراوتووڕەیی، ویلیام فۆکنەر، چ1، سەقز، چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار.

زادە، هاشم ئەحمەد.2019. هونەری داستان، دەیڤد لاج، چ1، بانە، چاپخانەی مانگ.

سەعید، جەلال.2010. گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خوارودا (1991_2003)، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

صابر- مسعود خورشید.2014. موستەفا مەستور، بنەماکانی کورتەچیرۆک، چ١، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

عبدولقادر ، نیاز محمود.2021. ئیستاتیکای شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیرباڵ)دا، نامەی بەکالۆریۆس، زانکۆی گەرمیان، (چاپ نەکراو).

عارف، حسێن.2011. نووسینەکانم لە باری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا،چ١، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

فایەق، دانا.2008. منداڵێک بە دزیەوە کتێ دەخوێنێتەوە، کاروان عومەر کاکەسوور، چ1، سلێمانییە، چاپ و پەخشی سەردەم.

کاکەسوور، کاروان عومەر.2000. ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..؟!، چ1، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.

کەسنەزانی، بوشرا.2012. ئاستانەی سبەینێ، چ١، سلێمانی، دەزگار چاپ و پەخشی سەردەم.

مەنتک، حەمە.2021. ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی، چ١،سلێمانی، دەزگار چاپ و پەخشی سەردەم.

مەجید، دیار فایەق.2021. شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی،چ١، هەولێر، ناوەندی خاک.

محەمەد، ئامینە.2023. مەنەلۆگ و جۆرەکانی لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی) شێرزار حەسەندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە 55.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**


المخيلد، إيمان(2022)، تيار الوعي في رواية لغط موتى ليوسف المحيميد، **مجلة الآداب**، العدد14.

بخليل، سليم(2011)، تيار الوعى الإرهاصات الأولى للرواية الجديدة، **مجلة المخبر**، العدد 7.

ريان، فاطمة(2019)،قراءة لرواية تيار الوعي في لوهز المهز، **مجلة المجمع**، العدد4.

لبنا، البنا(2009)، **الفواعل السردية: دراسة في الرواية الاسلامية المعاصرة، لبنان**، عالم الكتب الحديث.